


# لێکدانەوەی واقع و واقعی سۆسیۆلۆژیانە

## لەناو گروەی بەختی عەتا نەهایی-دا

**ئاوات محەمەد**

**واقعییەتی گێڕانەوە:**

سیمایەکی سەرەکیی ئەدەبی واقعی بریتییە لە گرنگیدانی تەواو بە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و هەموو ئەو پێکهاتەو و شت و پێدراوانەی ڕۆژانە بەکاریان دەهێنێت، لە وردەکارییەکانی هەندێکجار تووشی بێزاری و جاڕسیمان دەکەن، لەناوە زۆرەکان و ناوی شوێن و کارەکتەرەی ڕۆمان و چیرۆک، کە هەندێکیان ڕۆڵێکی تەواو پەراوێزی دەبینین کە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە، لای زۆربەی ڕۆماننووسە



واقعییەکان ئەم حاڵەتە دەبینین، کە چۆن پەنا بۆ گێڕانەوە و وەسفکردنی شتەکان و کارەکتەرەکان دەبەن، کە بە وردی وەسفی پڕکردنەوە و ورووژاندی هەستەکان دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی پەنا بۆ ئەندێشە دەبرێت و جیهانێکی وێناکراو درووست دەکات، ئەمیان وەک پێناسەیەکی سەرەتایی بۆ چوونە ناووەوەی لێکدانەوەی رۆمانەکەی نووسەر عەتا نەهایی بەناونیشانی گرەوی بەختی هەڵاڵە، لەم رۆمانەدا نووسەر دەیەوێت لەڕێگەی وێناکردنی واقعەوە چەند وێنایەکی جیاجیای کۆمەڵگەی کوردیمان نیشان بدات، هەروەها پێناسەی ئێمە بۆ پێکەوەبوون و خۆشەویستی و چەندەها شتی تری لەو جۆرە چۆن دەبێت؟.

سەرەتا ئەبێت باس لەوە بکەین عەتا نەهایی لە گێڕانەوەی رۆمانەکەیدا بەتەواوەتی پشتی بەگێڕانەوەیکی واقعییانە بەستووە، ئەمەش وامان لێدەکات لێکدانەوەکەمان لەسەر ئەم بنەمایە بێت و بەدەر لە لێکدانەوەی دەق و فرە ماناییەکەی دەق ئەم کارە بکەین، هەروەها ئەبێت بەپێی لێکدانەوە واقعییەکانی ئەدەب مامەڵە لەگەڵ ئەم دەقە بکەین، کە زۆرجار ئەم دەقە دەقی کلاسیکی واقعیمان بیر دەخاتەوە، مەبەستم ئەو واقعییەتە رۆمانسییە نییە کە لە ئەدەبی ساڵانی هەشتاکاندا لەناو ئەدەبی کوردیدا بوونی هەبوو، کە زۆرجار گێڕانەوەی واقع هاوتای گێڕانەوەی مێژووی لێدەهات، بەڵام ئەم دەقەی نەهایی لەم لێکدانەوەیەدا جێگەی نابێتەوە، لەبەرئەوەی لەو پێکهاتەیە دوورکەوتووەتەوە، ئەویش بەهۆکاری ئەوەی پەنای بۆ لێکدانەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە بردووە بۆ بەڕیداکردنی رووداوەکان و لێکدانەوە و تێگەیشتنی کارەکتەرەکان و دەرخستنی ئاستی کولتووری هەر یەکەیان، کە دواتر دێینە سەر لێکدانەوەی ئەم لایەنە.

گرەوی مەرگی هەڵاڵە چیرۆکی تافێک نییە، بەڵکو گێڕانەوەی مێژووی خێزانێکە لەناو رووداوەکانی شوێنێکی دیاریکراودا، واتە شوێن و زەمەن لەم رۆمانەدا بەئاشکرا دیارن و پێکەوە کارلێک دەکەن، هەروەها توخمی رەهەندە کاتییەکان دەبنە هۆی بەگەڕخستنی رووداوەکان، ئەمە جگە لەوەی شوێن و توخمێکی سەرەکیی گێڕانەوەی واقعییانە رۆڵێکی گرنگی لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا بینییوە، کە گۆڕینی شوێن مانای گۆڕینی جوڵە و لێکدانەوە و چۆنیەتیی گوزەراندنی ژیانە، هەر تافێک خاوەنی لێکدانەوەی تایبەتی خۆیەتی، هەر رووداوێک بۆ شوێنێکی جیاواز دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی نووسەر پەنای بۆ دوو جۆر گێڕانەوە بردووە، یەکێکیان خۆی وەک خاوەنی کارەکتەرەکان و رەوتی رووداوەکان بەشداریی تێدا دەکات، دووەمیان ئەوەیە دکتۆر سەعید بەشێکیان دەگێڕێتەوە، ئەو بەشەی سەعید دەیگێڕێتەوە بریتییە لە خاڵی وەرچەرخانی ژیانی هەڵاڵە، ئەوی نووسەر دەیگێڕێتەوە بریتییە لە رەوتی رووداوەکان لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، ئەمەش بەشێکی گرنگە لەناو دەقی واقعیدا کە زیاتر لە حیکایەتخوانێک هەن و هەریەکەیان بەشێوەیەک وێنا و لێکدانەوەکان دەبینن، بۆ نموونە زۆرجار لەناو ئەو هەموو جەنجاڵییەی رووداوەکاندا دوو لێکدانەوە هەیە بۆ تاوان و ژیان چۆنیەتیی بیرکردنەوە، شێرزاد و هەڵاڵە، کە دوو مرۆڤن لە زۆر شتدا هاوبەشن و لە زۆر شتی تردا جیاوازن، هەر وەک چۆن هەڵاڵە لەگەڵ باوکیدا هەمان حاڵەتی دووبارە دەکردەوە، هەڵاڵە ئەوە

# چۆنیەتیی پێکهاتەی دەق لەم ڕۆمانەدا پێویستی بەلێکدانەوەی واقعیانە هەیە

بوو بەمنداڵی حەمە ڕەشید ئاغا دەیخواست و لە گەورەییشدا ئەم پیاوە کچێکی وەک گوڵاڵەی دەخواست، واتە ئەو ئەیوویست کەسێک گەورە بکات کە بەدوور بێت لە هەموو لەزەتێک، بەڵام تێنەگەیشت لەوەی ئەوە ئەزموونی ژیان دەکات و دەچێتە ناو قوڵایی ژیانەوە، لەزەتەکانی جیاوازتر و فراوانتر دەبن، کە هەڵاڵە لێرەوەیە لەپیاو ئەچێت، ئەگەر نا مێینەیەکە بەمانای وشەکە.

کەواتە چۆنیەتیی پێکهاتەی دەق لەم ڕۆمانەدا پێویستی بەلێکدانەوەی واقعیانە هەیە، ئایا ڕووداوەکان دەبنە بەشێک لەو مێژوویەی بەسەر کورد وەک نەتەوەیەک هاتووە و دواتر ئەم مێژووە بگوازرێتەوە بۆ ناو خێزان و تاکەکان، وەک نمونە ئایا ستەملێکراو لەهەمان کاتدا خۆی نابێتە ستەمکار و دووبارەی ئەو واقعە ناکاتەوە کە ئەیەوێت گۆڕانکاریی بەسەردا بهێنێت؟ کە هەمیشە واقع پڕیەتی لەو وێنایانە، حەمە ڕەشید ئەو پیاوەی هەموو تەمەنی بۆ خەبات و کۆڵنەدان تەرخان کرد، لەناو کایەیەکی کۆمەڵایەتیدا هەموو سیاسەتەکانی خۆی بیر دەچێتەوە، لەناو پێکهاتە خێزانییەکەیەدا دەبێت ستەمکارێک و ئەیەوێت ئاراستەی ژیان بەو شێوەی خۆی دەیەوێت بەرێتە سەر، کە ئەمیان لەو ڕۆژگارەی ئەوی تێدا دەگوزەرێت ئاسان نییە، لەهەمان کاتدا زەحمەتیش نییە، لەبەرئەوەیە لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەنەدا سیاسەت دەبێتە پاشکۆی پێکهاتە و ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان، وەک ئەوەی لەم ڕۆمانەدا بەئاشکرا بەرچاومان دەکەوێت، هەروەها گێڕانەوە بۆ ئەوەی ڕەهەندی خۆی تەواو بکات، ئەبێت لە دوو گۆشەنیگاوە تەماشای ئەم ڕۆمانە بکەین، ئەوەی کە عەتا نەهایی نووسیویەتی و ئەوەی سەعید دەیگێڕێتەوە، کە لە شوێنێکدا هەڵاڵە بەدکتۆر دەڵێت ئەمانەت چۆن نووسیوە کە من ئەم شتانەم بۆ نەگێڕاویتەوە، ئەمەش سەلماندنی ئەو تەکنیکەیە کە نووسەر ویستوویەتی لێی دەرنەچێت و لەیەک کاتدا دوو تەکنیک بۆ یەک ڕۆمان بەکار نەهێنێت، کە ئەم بەکارهێنانی یەک تەکنیکە پێویستی بەشارەزایی باش هەیە لەم بوارەدا، ئەوەی نووسەر دەیگێڕێتەوە لەسەر زاری هەڵاڵەوەیە، ئەوەی دکتۆر دەیگێڕێتەوە لەسەر زاری خۆیەتی و دەربارەی هەڵاڵەیە، ئەگەرچی لە ڕۆمانەکەدا وادەردەکەوێت لە سەرەتاوە دکتۆر سەعید چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خوێنەر لەو هەموو ڕووداو و وردەکارییەی ناو و شوێندا توشی بێزاری و جاڕسی نەبێت، هەروەها بۆ ئەوەی لەوە بگەین، چیرۆکەکە لەسەر نەسکی خۆی دەڕوات، پاش ئەوەی هەڵاڵە ئامادە نابێت لە ڕاستیدا گێڕانەوەدا، ئەبێت یەکێک هەبێت ئەو چیرۆکەمان بۆ تەواو بکات، کە دەکرێت لەڕووی پێدراوێکی دەروونییەوە ئەم بەشەمان دەست بکەوێت، بەڵام بەکارهێنانی ئەم لایەنە دەبێتە هۆی لێدانی ئەو بنەما سۆسیۆلۆژییەی سەرجەم دەقی ڕۆمانەکەی لەسەر دامەزراوە، کە ئێستا دێینە سەر باسی ئەم لایەنە.

**سۆسیۆلۆژیای گێڕانەوەو لێکدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی دەق**

هەر لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە سۆسیۆلۆژیا بووە زانستێک کە زۆرێک لە زانست و پێکهاتەکانی تری لەناو خۆیدا جێگەی کردووە، یەکێک لەوانە ئەدەبە، کە دواتر بەهۆی فەیلەسوفە بونیادگەرییەکانەوە ئەدەب




عەتا نەهایی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیدا بەتەواوەتی پشتی بەگێڕانەوەیەکی واقعییانە بەستووە، ئەمەش وامان لێدەکات لێکدانەوەکەمان لەسەر ئەم بنەمایە بێت و بەدەر لە لێکدانەوەی دەق و فرە ماناییەکەی دەق ئەم کارە بکەین



و سۆسیۆلۆژیا تێکەڵاوییەکی گەورەیان لەنێواندا دروووست بوو، کە بە شێوەیەک دەتوانرا دەقێک لەسەر بنەما سۆسیۆلۆژییەکان دروووست بکرێت و بنووسرێت، هەروەها دەکرێت لەسەر ئاستی رەخنەیی بۆ لێکدانەوەی دەق پەنا بۆ ئەم زانستە ببرێت، کاتێک دەقێک لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژیای بۆ دەکەیت ئەبێت ئاگات لە پێکهاتەکانی سۆسیۆلۆژیا بێت، ئەویش لەکاتی خوێندنەوەی ئەو دەقەدا، بەڵام لەم دەقەدا پێویستمان بەو ئاگاییە نییە، لەبەرئەوەی بنەما سۆسیۆلۆژییەکان لەناو ئەم دەقەدا بەشێوەیەکی ورد و زیرەکانە بەکار هاتووە، کە نووسەر بۆ لێکدانەوەی رووداوەکان و دارشتنی رووداوەکان پەنای بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بردووە، تەنانەت لە لێکدانەوەی مەسەلە سیاسییەکان لەم لێکدانەوەیە دەرنەچن، کە بۆ ئەوەی تێبگەین نووسەر بە چ شێوەیەک لەسەر ئەم پێکهاتەیە وەستاوە، هەندێک نمونە وەردەگرین و شیکردنەوەی بۆ دەکەین، کە لەوانەیە هاوکاریمان بکات لە تێگەیشتنی دەقەکە.

**١.دیاردە خێزانییەکان:**

لەم بوارەدا باشترین لێکدانەوە ئەوەیە ئێمە لەبەردەم جۆرێک لە پێکهاتەی خێزانیداین، کە سەر بەم رۆژگارەمانە، بەپێی لێکدانەوە سۆسیۆلۆژییەکان، خێزان لەم دەقەدا بەتایبەتی لەناو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرەدا بریتییە لە خێزانی ناجێگیر، واتە ناجێگیریەتی پێکەوەژیانی هەموو ئەندامەکان و لێکەنەچوونی ئەندامان و دووبارەنەکردنەوەی وێنەی باوان، کە بریتین لە سیما سەرکییەکانی ئەم جۆرە لە خێزان، خێزانی حەمەرەشیدا ئاغا وەربگرە، کەسیان لەباوکیان ناچن، ئەمە جگە لەوەی باوک کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر خێزاندا نییە، مەجید بیرکردنەوەی، جۆری ژیانی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە باوکی جیاوازترە، هەروەها سەنتەری دەسەڵات لای باوک نییە، بەڵگەش بۆ ئەمە، کاتێک باوکە بڕیار دەدات ژن بهێنێتەوە، کە ژن دەهێنێتەوە لەژێر فشاری منداڵەکانیدا تەڵاقی دەدات، کە ئەمە لەناو خێزانی جێگیر یان تەقلیدیدا مەحاڵە باوک بچێتە ژێر باری بڕیاری منداڵەکان، هەروەها لەناو ئەم خێزانەدا کچ خاوەنی پێگەیەکی تەواو ناجێگیرە، نە ئەوەیە کچێکی نەریتی بێت، نە ئەوەتا کچێکی مۆدێرنی بێت، ئەمە جگە لەوەی لەناو پێکهاتە ناجێگیرەکانی کۆمەڵایەتیدا کچێک بۆ ئەوەی لە لەزەت دووربکەوێتەوە، هەمیشە وەک کوڕ وێنا دەکرێت یان کوڕانە هەڵسوکەوتی پێدەکەن، بەڵام ئەمیان جۆرێکە لە خۆخەڵەتاندن، ئەمە جگە لەوەی هەمیشە لەو جۆرە خێزانەدا شوێن جێگیر نییە، بەهۆی گواستنەوە و گۆڕینی شوێنی دانیشتن، کە ئەمە لە خێزانی نەریتیدا کەمێک ئەستەمە، کە نیشتمانێک هەیە ناگۆڕێت، بەڵام لەم جۆرە لەخێزاندا ژیان بەپێی نیشتمانەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، وەک ئەو خێزانەی لە رۆژهەڵاتەوە دێنە شاری سلێمانی و پاشان بەشێکیان دەچنە کولتوورێکی تر، کە لێرەدا دەکرێت باس لە جۆرێکی تر لەخێزان بکەین، ئەویش ئەو خێزانە گلۆباڵییە کە لەم دەقەدا دەیبینین، نمونەی شێرزادو هەڵاڵە، کە خێزانێکە سەر بەهیچ کولتوور و دنیایەک نییە، نە ئەتوانێت لەوێ بێت، نە لێرەش دەتوانێت بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەخلاق لای ئەو رەهەندێکی

# کاتێک دەقێک لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژیای بۆ دەکەیت، ئەبێت ئاگات لە پێکهاتەکانی سۆسیۆلۆژیا بێت

کولتووریی هەیە، ئەخلاق زۆر کەم گۆڕانی بەسەردا دێت، زۆرجار گۆڕانی ئەم چەمکە دەبێتە هۆی کارەسات، هەروەها خزم و پێکهاتە خێزانییەکانی تر لاواز دەبن، وەک ئەوەی ئەوەندەی سەعیدا هاوڕێی هەلاڵەیە، ئەوەندە مەجید هاوڕێی نییە، واتە جۆری پەیوەندییەکان بەرەو ئاراستەیەکی تر دەچن، ئەویش ئاراستەی پەیوەندییە مرۆییە هەڵبژێردراوەکانە، نەک پەیوەندییە نەریتییە سەپێنراوەکان، بەم شێوەیە نووسەر بەوریایی ئەم پێکهاتە و پێناسە سۆسیۆلۆژییەی بەکارهێناوە.

**ب-خۆشەویستی لەبری پێدراوی دەروونی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەسەریدا زاڵ دەبێت**

ئەم چەمکە واتە خۆشەویستی خاوەنی رەهەندە کۆمەڵایەتییە، نەک خاوەنی پێکهاتەیەکی دەروونیی تاکە کەسی، کە بەهیچ شێوەیەک خۆشەویستی لەم دەقەدا هیچ لێکدانەوەیەکی دەروونیی بۆ نەکراوە، واتە تاکە کەسە نەهاتووە وەک پرسیارێکی خودی وەریبگرێت، یان لێکدانەوەیەکی ناوەکیی بۆ بکات و هەموو پێکهاتەکان باس بکات، بەڵکو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە باس لەو مەسەلەیە دەکات، بۆ نموونە لەو کاتەی هەلاڵە کەمال یان جەمال داوای ماچی لێدەکات لەبری خرۆشانی دەروون، تووشی هەڵچوون و توندوتیژی دەبێت، بەڵام لەو کاتەی لە مانای جوانیی خۆشەویستی دەگات، برایمۆک دەناسێت خۆی داوای لێدەکات ماچی بکات و لێرەوە ئابڕووچوونی کۆمەڵایەتی و دواتر دەبێتە هۆی مەرگی برایمۆک، کە ژیان لەم بوارەدا لە گرەو دەچێت، دەکرێت لە تەڵەمەشکێنەیەکدا بیدۆڕێنین، هەروەها جارێکی تر هەلاڵە بەپێی پلانە کۆمەڵایەتییەکان تووشی هاوسەرگیرییەک دەبێت کە نە خۆی ویستوویەتی، نە خولیای ئەویش بووە، کە کەسێکە لەژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکاندایە و دەکەوێتە ژێر ئەو سۆزەوە کە لەناو کۆمەڵگەی خۆیەوە هاتووە، ئەمە جگە لەوەی بێدەنگە لەو هەموو چەوسانەوە و هەندێکجار توندوتیژییەی بەرامبەری دەکرێت، تا ئەو کاتەی لەکاتی گەڕاندا لەگەڵ کەسێکدا کەهەر ئەمجارە سەر بەکۆمەڵگای ئەوە، پەیوەندییەکی هاوسەنگ درووست دەکات، کە دەڵێین هاوسەنگ، لەبەرئەوەی لەڕووی کولتوورەییەوە ئەو کەسە لەوەوە نزیکە، ئەگەرچی هەڵگری بەها خۆرئاواییەکانە بۆ پەیوەندی و تێگەیشتنی لە ژیانی کولتووری، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی هاوەسەرگیریانە لەناو ئەو کولتوورە جیاوازە تووشی مردنی دەکات، لەبەرئەوەی کولتووری ئێمە لەسەر بنەمای یەک دامەزراوە و فرەیی هەڵناگرێت، ئەمە جگە لەوەی نووسەر لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی کردووە، کە هەمیشە هاوسەرگیری بەشێکە لەو پێکهاتەیە، ئەمە جگە لەوەی کارەکتەرەکان کەمتر گوزارشتیان لەو چەمکە کردووە، یەکێک لە هۆکارەکان بۆ بوونی کولتوورێک دەگەڕێتەوە کە دەبێت خۆشەویستی بشارینەوە و رق دەربخەین، سۆز بکەین بەژێرەوە و توندوتیژی دەربخەین، هەروەها لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژیانە بۆ پەیوەندی ئەوەیە لەناو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەربکەوێت، نەک لە پێکهاتەیەکی تاکە کەسیدا.

**ج- سۆسیۆلۆژیای سیاسەت لەناو بەختی ئێمەدا**

لەم رۆمانەدا لە هەموو شتەکان ئەوەی زەقتر دیارە



نووسەر لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی کردووە، کە هەمیشە هاوسەرگیری بەشێکە لەو پێکهاتەیە، ئەمە جگە لەوەی کارەکتەرەکان کەمتر گوزارشتیان لەو چەمکە کردووە، یەکێک لە هۆکارەکان بۆ بوونی کولتوورێک دەگەڕێتەوە کە دەبێت خۆشەویستی بشارینەوە و رق دەربخەین



ئەو سۆسیۆلۆژییە سیاسییە کە پەیوەندییەکان دیار دەکات، کە هەندێکجار ئەو بوارە سیاسییە لەناو خودی یەک ئایدیادا ناکۆکی و رکەبەری هەیە، ئەوەتا حەمەڕەشید لەبەرئەوەی پاڵەوانی کۆمەڵایەتییە، ئەبێت ئەم خاوەنی هەموو بڕیارەکان بێت، بەڵام کاتێک دێتە سەر ئەمری واقع پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئایدیا و زەمەنی بیرکردنەوەی ئەوی بەجێهێشتووە، کوڕەکەی وەک ئەو بیر ناکاتەوە، رقی لە برایمۆکە لەبەرئەوەی سەر بەنەوەیەکی تری بیرکردنەوەی ئەمە، واتە لەناو هەمان ئایدیۆلۆژیادا ئەم دەیەوێت شتێکی تر بڵێت، کە لە بیرکردنەوەی ئەم ناچێت، ئەمە جگە ئەیەوێت ئەو شەرەفەی پێ ببڕێت و ببێت بە بەشێک لە پێکهاتەی خێزانی ئەم، بەڵام هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، کە نەوەی نوێ ناتوانێت جێپێی نەوەی کۆن کە لە سەرەوەی هەرەمەکەن لەقبکەن، ناچار یان بەجێی دەهێڵن یان لەناو دەچن.

ئەوەتا سیاسەت توانیی پێکهاتە و جۆری ترادسیۆنی ئەمان بگۆڕێت و هەر یەک بەئایدیای تایبەت بەخۆیەوە بچێتە ناو کۆمەڵگەیەکەوە، کە ئاسان نییە ئەو جۆرە لەبیرکردنەوە قبوڵ بکات و بەو توندڕەوییەوە ئایدیاکانیان جێگەی ببێتەوە، ئەم ترادسیۆنە وادەکات لەوێش سەرەتای ناکۆکییەکان لە ئایدیاوە بۆ ترادسیۆن بگۆڕدرێت، وەک پەیوەندیی نێوان شێرزاد و سەعید، هەڵاڵە و بەشێک لەو پێکهاتە خێزانییەی لە دەورەی ئەژین بەتایبەتی ماڵی مامی، ئەمە جگە لەوەی پەناهەندە هەمیشە هەوڵدەدات لە رووی کۆمەڵایەتییەوە نیشتمانێکی بچوک لەو شوێنەی بۆی دەچێت درووست بکات، کە زۆرجار ئەو نیشتمانە لەگەڵ ئەوانە درووست دەکات کە تەنها لە ڕووی کولتوورەییەوە لەو دەچن و لە ڕوویی نەتەوەییەوە لەم جیاوازن.

مەجید پێچەوانەی باوکی بیر دەکاتەوە، بەڵام هەمیشە باوک ئومێدێکی هەیە کوڕەکەی بگەڕێتەوە سەر ئایدیای باوکی، بەڵام دیارە ئەمەیان مەحاڵە، ئەو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێکدانەوە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات، بەڵام کوڕ و فەرزەند، لە ڕووی زەمەنی بیرکردنەوەوە کار لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەن، کەوتە پێکهاتە سیاسییەکان پێگەی ئەوان لە دەرەوەی ئەم پێگە کۆمەڵایەتییە دیاری دەکات، نەک ئەوەی لەوێ پێکهاتەیەکی نوێ بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

**د.لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی لای نووسەر:**

وەک وتمان ئەم رۆمانە لەسەر بنەمای سۆسیۆلۆژی نووسراوە، لەبەرئەوەی توانیوویەتی لێکدانەوە بۆ چەمکە جیاوازییەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بکات، واتە نووسەر نەهاتووە کار لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی و کارەکتەرکان بکات، هەروەها ئەوەندەی رەوتی ڕووداوەکان دەریدەخەن، هیچ ڕووداوێک نییە باکگراوندێکی کۆمەڵایەتیی نەبێت، هەر لە گەوەرکردنی هەڵاڵە و کوشتنی هەڵاڵە و هاوسەرگیری هەڵاڵە و پەیوەندیی نادروستی مەجید و باوکی، ژێردەستیی دایک و پەیوەندیی سەعید و هەڵاڵە تا دەکاتە هۆکارەکانی تاوانی کوشتنی هەڵاڵە، کە یەک پاڵنەری دەروونی لە پشت ئەو کارانەوە نییە، واتە ئەوە پاڵنەر کەسییەکان نییە ئەو کارە دەکات، ئەوە ترادسیۆنێکە ئەو کارانە بەڕێوە دەبات، بەڵام بۆ ئەنجامدانی کارێک شێوەو پێکهاتە و پێداویستیی ڕوودانی ئەو کارە

**لەم رۆمانەدا نووسەر بۆ ئەوەی تەواو کلاسیکییانە بیرنەکاتەوە، هاتووە لە کۆتاییەوە بەرەوە سەرەتا هاتووە**

دەگۆڕێت، کە پرۆسەکان لەناو بیرکردنەوەیەکی تەواو بەئایدیاکرتودا روودەدەن.
واتە ئەگەر نووسەر بەشێوەیەک لە شێوەکان هەوڵی بدایە لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییە و فەنتازیای رووداو و شوێن و پێکهاتە ئەفسوونییەکان لەم دەقەدا بەکاربهێنێت لەوانەیە بەم شێوەیە نەیتوانیایە هەڵاڵە و بەختی هەڵاڵەمان لا دیاربیکات، یان ئاسان نەبووایە بەم شێوەیە ئەم دەقە سەرکەوتوو بوایە، لەبەرئەوەی هەر دەقێک پێویستی بەوە هەیە لە راستایەکدا بخوێنرێتەوە، کە ئەم دەقە ئەوەندەی گەشتە بەناو بیرکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئەوزەندە نامانباتەوە بۆ لای ئەو دڵەڕاوکێ دەروونییەی هەیە، هەروەها لەراستای گێڕانەوەی چیرۆکێکی واقعی دوورمان ناخاتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەم کارەی عەتا نەهایی هەندێک لە ڕۆمانە کلاسیکییەکانی و ئەدەبی رووسی و سەرەتای واقعییەتی ئەدەبی فەرەنسیمان بیر دەخاتەوە، کە چۆن ماجەرای رووداوەکان بەرەو کۆتاییەکی حەتمیمان دەبەن، بەڵام کۆی رووداوەکان نەک دەرئەنجام لای خوێنەر گرنگە، ئەمە جگە لەوەی لەم رۆمانەدا نووسەر بۆ ئەوەی تەواو کلاسیکییانە بیرنەکاتەوە، هاتووە لە کۆتاییەوە بەرەوە سەرەتا هاتووە، واتە لەدوا رووداوەوە بۆ یەکەم رووداو یان بۆ رووداوەکانی لەم رووداوە سەرەکییە رووداوی تەواوکەربوون، کە هەڵاڵە لەکوێوە گرێی بەختی دۆڕاندووە و لەبەرچی گەیشتووە ئەم چارەنووسە، ئایا وەک باوکی دەڵێت هەڵاڵە هەڵەیە، یان هەڵەیەکە خۆی دووبارەی دەکاتەوە، ئەگەر هەڵەیەکە بۆ راست نەکرایەوە، کە بێگومان لەدایکبوونی وەک کچێک بۆ خۆی هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام ئەو مەسارەی ئەو لەنێو ژیاندا دەیگرێت ئەویش هەڵەیەکی ترە، کە کچێکە دەکرێت بەکوڕ، ئەمە جگە لەوەی هەڵەی لەبەر ئەوەی لە یەکەم تاقیکردنەوەدا خۆی دایە دەست گرەوی کۆمەڵایەتی و مەرجی بۆ خۆشەویستی دانا و تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام دا، کە ئەم هەڵەیە بووە هۆی درووستی بوونی رۆمانێک، کە بیرمان نەچێت چیرۆکنووس و رۆماننووس لەسەر درۆکردنێکی گەورە و دروستکردنی ژیان لەسەر کاغەز کارەکەی خۆیان بەڕێوە دەبەن، واتە ئەوان خۆیان هەڵەیەک دەکەن ئەوەندەی لە درۆوە نزیکە ئەوەندە لەواقعەوە نزیک نییە.

## گێڕانەوە لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم رۆمانە لە سەرەتاوە ناچێت بۆ کۆتایی وەک رەوەندی یان راستای دەقێکی کلاسیکی، بەڵکو لە کۆتاییەوە دێتەوە بۆ سەرەتا، لە مردنی هەڵاڵەوە بۆ ساتەکانی ژیانی هەڵاڵە، کە نووسەر سەرەتا دەیەوێت بەمردن دەسپێبکات و وردەکارییەکانی ژیان بخاتە دوای مردنەوە، کە ئەمیان پێچەوانەی رەوەندە ئاساییەکەی ژیان و مردنە، کە لەوکاتەی هەڵاڵە دەمرێت لەو ساتەوە ئێمە دەچینە ناو وردەکاریی ژیانی هەڵاڵەوە، ئەم جۆرە لە گێڕانەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی خوێنەر هەموو شتەکانی لە لاپەڕەکانی یەکەمەوە لا ئاشکرا نەبێت و گەڕانی کەمبکاتەوە، یان خوێنەر ناچار نەبێت بەدوای رووداوی تردا نەگەڕێت.
گێڕانەوە ئەوە دەخوازێت زنجیرەیەکی زەمەنی بێت و دوور لەو ساتانەی کە شوێن دەیەوێت پشوویەکمان پێ دات، بەڵام گێڕانەوە لەم رۆمانەدا



زنجیرەیی زەمەنی کەرت کردووە و هەرجارەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەمانبات، بۆ نموونە لەو بەشێکدا لە چەند زەمەنێکدا گەمەمان لەگەڵ دەکات، لەو کاتەی سەعید هەندێک شت دەگێڕێتەوە، هەلاڵە دەچێت بۆ شوێنێکی تر، لە شارەوە دەگەڕێتەوە بۆ لادێ و لە ئاوارەییەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانێک کە تێیدا ئاوارەیە، لە گوندەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە بۆ سوید، یان لە تافی باسکردنی خۆشەویستیی برایمۆکەوە بۆ ساتی خۆشەویستیی شێرزاد و دواتر بۆ لای ژنی دووەمی باوکی، هەموو ئەم تێکەڵکردنە لەپێناو ئەوەدایە ئێمە هەمیشە پێشبینیی رووداوەکەی دواتر نەکەین، ئەمەش ئەو تەکنیکەیە خوێنەر لە بێزاری دوور دەخاتەوە، ئەگەرچی خوێندنەوەی رۆمانێکی واقعی لەم زەمەنە ناواقعییە و پڕ فەنتازییەدا، ئاسان نییە و حەوسەڵەیەکی تایبەتی دەوێت، بەڵام چیرۆکی گرەوی هەلاڵە، دەمانگێڕێتەوە بۆ بەردەم واقعی ژیانی رۆژانەی خۆمان، واتە هەندێکجار هەریەکەمان هەست دەکەین یەکێین لە پاڵەوانەکان، بەڵام ئەوەندە ئەزانین ئێمە نەبرایمۆکین و نە هەلاڵەین، لەبەرئەوەی ئەم دوو کاراکتەرە ئەوەندەی لە دوو کەسی رۆمانسی دەچوون و لەناو ئەم ترادسیۆنەدا جێگەی نەبێتەوە، ئەوەندە لە ئێمە ناچن، کە هەمیشە بەدەست دڵەڕاوکێی خۆمانەوە دەناڵێنین، ئەم خوێندنەوەیەی من بۆ ئەم رۆمانە خوێندنەوەیەکی ئەکادیمیانە نییە، واتە ئەمەی لەبەردەستتاندایە توێژینەوەیەک نییە، بیەوێت وەک بەراوردکاری یان چەسپاندنی بیردۆزێک تەماشا بکرێت، بەڵام دەکرێت وەک خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانێک تەماشا بکرێت، کە توێژینەوەی ئەکادیمی زۆرجار تووشی بێزاریمان دەکات، یان ئەوەندە سیستماتیکە مرۆڤ توشی جاڕسبوون دەبێت، بەڵام دەرئەنجامەکەی گرنگترە، ئەمە جگە لەوەی کە جێگەی رای تایبەتی کەمتر تێدا دەبێتەوە، خوێندنەوەی رۆمانی گرەوی بەختی هەلاڵە دەمانخاتە بەردەم بەشێک لە لێکدانەوەکانمان بۆ ژیان و خودی خۆمان، هەروەها لە رووی پێکهاتەوە دەکرێت بە یەکێک لەکارە باشەکانی عەتای نەهایی تەماشای بکەین.

### ژمارەی داهاتوو

# لە باخچەی شاعیرێکدا

